# ژیانبینی گەنج و بەدبەختییەکانی لە کۆمەلگا

**ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس**

پێشتر لەماڵپەری کۆمەڵنیووز و دواجاریش لەڕۆژنامەی ئاوێنە ، هەڵوێستە و فەتوای یەکێتی زانانیانی ئایینی ئیسلام . لەبارەی حەرام کردنی ، پرۆژەی رێکخراوی " کیدۆ " کەتایبەتە بە باروبۆی هاوسەرگیری گەنجان . لەناخەوە هەژاندمی . ئاخر پرۆژەیەکی رێکخراوێکی مەدەنی ، کەئامانجی بەقەرز بەخشینی پارە بێت بە گەنجان بۆ پێکەوەنانی خێزان و ژیانی هاوسەرێتی ، ئەگەر بەدەر لەخێرخوازییەکەی ئامانجێکی تر، بۆ نموونە سیاسیشی لە پشتەوەبێت . پێویستە زۆر بە ئاشکرا گۆیی و بێی ترس دەسخۆشانەی گەرمی لێبکرێت .

نازانم لەو ساتەی لە نەتوانینی پێکەوەنانی خێزان ،لاوان و گەنجانەکانمان گیرۆدەن بە دەست نەبوونی کالاکانی سەردەم ، جێگا و رێگای شیاوی حەسانەوە و ماڵداری ، دروستیش لەوکاتەی لادانە کۆمەلأیەتی و سێکسییەکان بەم هۆیەوە زیادیان کردووە ئەوە ڕەوکردن و کۆچی بەکۆمەڵی کوران و قەیرەیی کچانیشی بێتە سەر . ئیتر لە دۆخێکی ئاوا ، باروبۆی بەقەرز و پێدانی پارە ، چ پەیوەستییەکی بەیەکێتی زانایان و لیژنە فەتواکەیەتی ، کە زۆر بەزوویی ئاوا دەنگ هەڵبڕن . بەتایبەت وەکو رێکخراوی " کیدۆ " ئاماژەی پێدەکات ، ئەو دۆلارەی لە کۆی ئەو ( 26 ) دۆلارەی بە قیستی مانگانە لە گەنجەکان وەردەگیرێتەوە ، بۆ بەرێوەبردنی پرۆژەکەیە نەوەکو قازانج .

بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگای کوردی لە پانزە ساڵی ڕابردوو دا دەیان ئاڵوگۆڕی لەکۆمەڵگا دروست کرد ، دەیان کاری نەکراو کران سەدان پرۆژەی لە بابەتی تەکنەلۆژیا و راگەیاندن و گەیاندن و گواستنەوە ...هتد ، کران بەلأم هەرگیز بۆ جارێکیش نەمانبینی ، نەمانبیست هیچ بابەتێکی ئاوا پەیوەستی شەرع و فەتوا بکرێت . دەزانن بۆ ؟! چونکە ئەوانە پەیوەست بوون بەدەسەلأتەوە و وەکو گەنجان بێی خاوەن نەبوون . لەکوردستانێکی دووبستە خاك لە گۆشەگیربوونی خەڵکی لەناوچەیەکی بەرتەنگدا ، ئاخۆ بەویژدانی کێ رەوایە تەنها بۆنموونە نرخی قسەکردنی مۆبایل هەمووی یەك نرخ بێت . لیژنەی بەرێزی فەتوا باش نازانن لە گوند و شارۆچکە و شارەکان هەموو ئەوانەی پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن چەند بستۆکێك لەیەکەوە دوورن و بستێك لەولای خۆیان کەس نییە بیناسن تا تەلەفۆنی بۆ بکەن ئینجا بۆ دەبێت نرخی قسەکردنی کۆمپانیایەکی وەکو وەکو ئاسیا سێڵ بۆ ئەوە کەسە بەد بەخت و داماوەی لەماڵی خۆیانەوە بۆ ماڵی تەنیشتیان قسەدەکات یەك نرخ بێی و بۆ بازرگانێکی خۆپێداویش کە هەموو کارەبازرگانییەکانی لە زاخۆ وە بۆ ئوم قەسر و خانەقین پیی رایدەکات هەریەك نرخ بێت . حەق نییە لە لیژنەی بەرێزی فەتوا بپرسین حەرامکردنی ئەمەیان لە خزمەتی شەرع و خەڵکە یان ڕەتکردنەوەی باروبۆی هاوسەرگیری گەنجان . مادام قسەمان لەسەرباسی شەرع و فەتوابێت ، خۆزگەم دەخۆاست یەکێتی زانایان فەتوایەکیان دەردەکردتا ببوایە فشارێك بۆ سەر کۆمپانیاکانی مۆبایل هەروەك چۆن شەبەکەکانی

سانا و کۆڕەك لە هاتووچۆی بەکاربەرانی مۆبایلی ئەو دوو کۆمپانیایە جیاوازی لە نرخدا هەیە لە ماوەی نیوان شارەکان , ئاواش لە پێناویخەڵکی دەست کورت و هەژاری کورد جیاوازی نرخ لەنیوان دووشار بۆ دوو گەرەك هەبوایە .

لەمێژووی نزیکی دوو دەیەی حوکمرانی کورددا ، لەگەل برینی قۆناغ و سەردەمەکان ، ئائێستا ئەوەی من بینیبم . ئاوریکی راستەقینە کە شایستەی ژیانی گەنج بیت بەدیم نەکردووە . بەتایبەت لە ئیستادا کە هەڵکشانی ژیانبینی گەنج و تێگەیشتن لەدەوروبەری و دەست کورتی لە بواری بەدەسخستنی پیداویستی و کالاکاندا ، لەنەگبەتی زیاتر هیچی بەگەنج نەبەخشیوە . ریکخراو و سەندیکاکان هەموویان ، ئەگەر حیزبە سیاسییەکانیشی لەگەڵ بێت، لەچەند هەوڵیکی شەرمنانەی بە چەند سال جاریك سازدانی ئاهەنگ هاوسەرگیری بەکۆمەل کە هەموویان کۆبکەیتەوە لە (500) خیزان کەمتر، شتێکی تریان بو پیکەوەنانی ژیانی هاوسەرایەتی لاوان نەکردووە . ئەوا ئەگەر ئەوەش لەبەر چاو بگرین کەئەو کەسانەی لە زەماوەندەکانی ریکخراوەکانی سەربەحیزبەکان هاوکاریان کراوە . ئەو هەموو خزم خزمینە و ماندوو کرن بەتەزکییەکاریەی لەبەر چاو بگرین شتك بەناوی هاوکاری و دەستگرتنی گەنج و لاوەکان نامینیتەوە . زۆربەی ئەوانەی لەهەولیر و سلیمانی لەو زەماوەندە بەناو بەکۆمەلانە بەشداربوون ، لەم حالەتە بەدەرنەبوون .

دوای دەیان بەلینی زارەکی ، ویرای رەتبوونی سەدان رۆژ بەسەر پەیمانە دراوەکان بەگەنجەکان ، بەلام لەدوا جاردا هیچ ئاوریکی شایستە گەر هیچ نەبیت بۆ پیکەوەنانی خیزان بەدیمان نەکرد . ئەمە لەکاتیکدا یەکیتی زانایانی بەریز لەهەموو کەس باشتر بەئاگان لەوەی بەپیی بنەماکانی شەرعی ئیسلام ) دروستکردنی خیزان ) بۆ هەر کچ و کوریك تەکامل کردنی نیوەی ئیمانیانە.

هەلویست وەرگرتنی یەکیتی زانایانی ئایینی ئیسلام لەم کاتەدا ، دوای ئەو مەگەرگە جەرگ هەژینەی چەند هەفتەیەك لەمەو پیش لەشاروچکەی حاجیاوای نزیك شاری رانییە ، کە بووك و زاوایەك لەشەوی یەکەمی هاوسەرگیرییان بە تراژیدیا بوونە قوربانی .لەهەموو سات پتر جیگای لیدوانە . ئاخر چیرۆکی رۆژانی بەر لە بەهاوسەر بوونیان بەجۆریك بوو ، خۆینی دلی مرۆڤی دەکرد بەئاو . کچ و کوریکی وەکو ساوین و مەهدی لەبەر دەست کورتی و نەبوونی پارە بۆ ئاهەنگی یەکجارەی تەمەنیان نەتوانن چەند برادەریك کۆبکەنەوە کە هاوبەشی خۆشییەکەیان بن . لەشەویشدا بێی کارەبایی و بێی هەموو شتێکی جگە لەدووەم ئۆکسیدی سۆبە و مۆلیدەکە !! کەئەونیش زۆر زالمانە دەم و قورگی بۆ مەگیکی ئەبەدی بەستن.

دواجار و دوا وتەم ئەگەر مامۆستایانی بەریزی ئایینی و یەکیتیی زانایان و لیژنەی فەتوا لیم نەرەنجین زۆر بەراشکاوی دەلیم : ئیمە بۆ شەرع و فەتوا مەلایەکی ئایینی وەکو " مەلای گەورەی کۆیی " مان پیویستە ... کەلەسالەکانی1920 دا ئەو فەتوایەی ئەو دای بۆ بەخشینەوەی ئەو پارەیەی بابای کورد بۆ

بەجیگەیاندنی ئەرکی حەج و لەریگای عەرەبستانی سعودییە سەرف دەکریت ، ئەگەر بەراستی بەسەر فەقیر و هەژارانی کورد دابەش بکریت بەقەد خیری حەجەکە خیری دەگات . هەر ئەو فەتوایەش نا بەتەنها کۆا مامۆستایەکی ئایینی رەچەشکینی وەکو مەلا گەورە کەلەسەردەمیکی تاریکدا کچی خۆی شان بەشانی کور بۆ قوتابخانە بنیری و تەلیسمی جودا کاری بشکینی.

8/12/2006